گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هەوڵەکانی بارزانی و یاوەرانی بۆ درووستکردنی کیانێکی سیاسی کوردی لە یەکێتی سۆڤییەت لە ماوەی ساڵانی (1947-1958)

**دلژین قهرەمان کودۆ**
بەشی مێژوو، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەریمی کوردستان ،عێراق
206238200006@soran.edu.iq

**د. بژار عوسمان ئەحمەد**
بەشی مێژوو, فاکەڵتی ئاداب, زانکۆی سۆران، سۆران، هەریمی کوردستان ،عێراق
bzhar.ahmed@hist.soran.edu.iq

**زانیاریەکانی‌توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/٤
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/٣٠
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
بارزانی ، کوردستان، حکومەت، یەکێتی سۆڤییەت، کوردستان.

Doi: 10.25212/lfu.qzj.11.4.12

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە باس لە هەوڵەکانی بارزانی و یاوەرانی لە یەکێتی سۆڤییەت دەکات بۆ درووستکردنی کیانێکی سیاسی کوردی لە یەکێتی سۆڤییەت، چونکە هەوڵە سیاسی و دیبلۆماسیی و سەربازییەکانی ناوبراو لەپێناوی ڕزگاری کوردستان بوو.

ئەوەی جێگای سەرنجە سەرەڕای ئەوەی لە چەندین سەرچاوەدا باس لە بارودۆخی سیاسی بارزانی و یاوەرانی لە سۆڤییەت کراوە، ئەگەرچی هەندێکیشیان لێرەولەوێ باسیان لە هەوڵی بارزانی بۆ درووستکردنی سەربەخۆیی کوردستان کردووە، بەڵام لە پێدانی زانیارییەکانیان وورد نەبوونە، هەروەها زانیارییەکانیان بەدەقی لاپەڕەی بەڵگەنامەکان پشتڕاست نەکردۆتەوە، تەنها ئاماژەپێکردن و باسکردن بووە. سەرەڕای ئەوەی هیچ توێژینەوەیەك لەبەردەستدا نییە باس لە هەوڵەکانی بارزانی و یاوەرەکانی بۆ درووستکردنی کیانێکی سیاسی کوردی لە یەکێتی سۆڤییەت بکات.

بۆ ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە چەند میتۆدێکی زانستی بەستووە، لە پێش هەموویان میتۆدی شیکاری مێژوویی و خستنەڕوو و شیکردنەوەی دەقی بەڵگەنامەکان وەکو سەرچاوەی یەکەم، هەروەها بەکارهێنانی سەرچاوە زانستییەکانی تری وەکو کتێب و توێژینەوە، هەروەها لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی بەراوردکاریمان لەنێوان سەرچاوەکان و بەڵگەنامە فەرمییەکانی دەوڵەتی بەریتانیا بەکارهێناوە، کە تیایدا زانیاری ورد لەمبارەیەوە دەخەنەڕوو.
ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستیانەیە بۆ باسکردن لە هەوڵەکانی بارزانی و یاوەرانی بۆ درووستکردنی کیانێکی سیاسی کوردی لە ماوەی ساڵانی (1947-1958)، لەم ماوەیەدا سێ جار هەوڵیان بۆ دروستکردنی کیانێکی کوردی لە ئازەربێجان و یەریڤان و باکوری ئێران (ماکۆ) داوە.

## پێشەکی:

بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی پڕە لە جووڵانەوەی سیاسی و چەکداری لەپێناوی مافی میللەتی کورد، لەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و ڕۆیشتنی بارزانی و یاوەرانی بۆ یەکێتی سۆڤییەت، بەڵگەی ڕەتکردنەوەی سیاسەتی حکومەتی عێراقی بەرانبەر بە گەلی کورد بوو. بەتایبەتی لەوکاتەدا پەنابردن بۆ جەمسەرێکی زلهێزی وەکو یەکێتی سۆڤییەت، هەنگاوێکی نوێ بوو لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا.

بارزانی و یاوەرانی لە سۆڤییەتیش لە هەوڵی خەباتی ڕزگاریخوازیدا بوون و کاریان بۆ بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی کوردانی سۆڤییەتیش کردووە. تەنانەت لەهەوڵی درووستکردنی کیانێکی سیاسی کوردی بوون، بەتایبەتی ئەوکاتەی لە باکۆ کونفراسێك بەسترا، کوردانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی نیشتەجێی یەکێتی سۆڤیەت تیایدا بەشدار بوون، مستەفا بارزانیان بە سەرکردەی سیاسی کورد هەڵبژێرد، ناوبراو لە ئێزگەی ڕادیۆی یەریڤان وتاری سیاسیانەی بەمەبەستی بەزرکردنەوەی هەستی نیشتمانی لەلای کوردەکانی سۆڤییەت بڵاودەکردەوە، ئەمەجگە لە هەوڵەکانی تریشی بۆ دروستکردنی حکومەتی سەربەخۆی لە ئازەربێجان و یەریڤان و ئێران.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆیە لەژێر روشنای ئەم پرسەدا دەپرسین ئایا مستەفا بارزانی هەوڵی دا کیانێکی کوردی بۆ کوردانی نیستەجیی سۆڤیەت دروست بکات، ئایا مستەفا بارزانی لەو کاتەی لە سۆڤیەت بوو بۆچی لەناو پارچەکانی کوردستاندا رۆژهەڵاتی کوردستانی هەڵبژارد بۆ دروستکردنی کیانێکی کوردی، لە هەمان کاتدا ئامانجی سۆڤیەت چیبوو لە پاڵپشتی کردنی پرسی کورد و رێگەدان بە بارزانی و یاوەرانی بۆ دەستکردنیان بە جموجوڵی سیاسی لەناو خاکی سۆڤیەتدا.

هەربۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە گەڕانە بەدوای زانینیی شێواز و چۆنییەتی هەوڵەکانی بارزانی و یاوەرانی بۆ درووستکردنی کیانێکی سیاسی کوردی لە یەکێتی سۆڤییەت.

میتۆدی بەکارهاتووی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە چەند میتودێکی زانستی مێژوویی، وەکو میتودی شیکاری مێژوویی و خستنەڕوو شیکردنەوەی دەقی بەڵگەنامەکان وەکو سەرچاوەی یەکەم، هەروەها بەکارهێنانی سەرچاوەکانیتری وەکو کتێب و گۆڤارە و..هتد. هەروەها بەکارهێنانی میتودی بەراوردکاری لە نێوان سەرچاوەکان یەکێکیتر بووە لەو میتۆدانەی لەم توێژینەوەیەدا کاری پێکراوە.

لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراون، بریتین لە چەند لاپەرە بەڵگەنامەیەکی بەریتانی، کە بریتین لە نامە و ڕاپۆرتی هەواڵگری بەریتانیا لەنێوان وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و باڵیۆزخانەکانی بەریتانیا لە مۆسکۆ و تاران و ئەنقەرە و بەغدا و چەند شوێنیتر هەن. هەروەها کتێبی (مسعود بارزانی لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد) بەرگی یەکەم، ساڵی (٢٠٢٠) بەشێوەیەکی تێر و تەسەلی باس لە قوناغی مانەوەی مستەفا بارزانی و یاوەرانی دەکات لە یەکێتی سۆڤیەت هەروەها ئاماژە بە چاوپێکەوتنی مستەفا بارزانی دەکات لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەت و باسکردنی پرسی کورد، هاوکات ئەفراسیاو هەرامی لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (مستەفا بارزانی لە هەندێك بەڵگەنامە و دۆکیومێنتی سۆڤیەتیدا(١٩٤٥_١٩٥٨) تومارێکی زێرین لە مێژووی کورد) ساڵی (٢٠٠٢) ئاماژە بە کومەڵێک راپورت دەکات سەبارەت بە هەوڵەکانی مستەفا بارزانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە ئێراندا، هەریەکە لە سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح لە کتێبەکەیاندا بە ناونیشانی (ڕۆژنامەوانیی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق (١٩٤٦-١٩٥٨) باس لە کومەڵێک وتاری مستەفا بارزانی دەکات لە سۆڤیەت کە لە رۆژنامەی ڕزگاری زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاوکراوەتەوە).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا پێی گەیشتین ئەوەیە: بارزانی و یاوەرانی بەهۆی هەوڵە بەردەوامەکانی توانیویەتی کار بۆ دامەزراندنی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان (Free Government of kurdistan) لە ئازەربێجان بکات، هەروەها هەوڵیانداوە لە ئەرمینیا (لە یەریڤان) حکومەت درووست بکەن، جگە لەمەش هەولێکی تریان لە باکوری ئێران، لە ماکۆ بووەوە، ئەویش بە پاڵپشتی کوردەکانی ماکۆ بۆ ئەوەی حکومەتی کوردستان درووست بکەن، بەڵام یەکێتی سۆڤییەت لە کۆتا خولەکەکاندا ڕێگەی پێنەداون حکومەتەکە ڕابگەیەنن فەرمانڕەوایی بکەن، چونکە جیابوونەوەی کوردەکان لە یەریڤان و ئازەربێجان و لە باکوری ئێران ڕێگە پێنەداوە، لەهەمان کاتدا کوردەکانیشی وەکو کارتێکی فشار لەسەر ئەم دەوڵەتانە بەکارهێناوە.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەك و سێ تەوەرەی سەرەکی پێکدێت، بە شێوەیەك: لە دەروازەدا باس لە سەربەخۆیی کوردستان لە هزری بارزانی و یاوەرانی لە یەکێتی سۆڤییەت کراوە، لە تەوەرەی یەکەمدا باسی دروستکردنی حکومەتی سەربەخۆ لە ئازەربێجان کراوە، لە تەوەرەی دووەمدا باسی دروستکردنی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان لە ئێران کراوە، لە تەوەرەی سێیەمدا باس لە دروستکردنی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان لە یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیا کراوە، لە کوتاییدا بە خستنەڕووی چەند ئەنجامێك توێژینەوەکەمان کوتایی پێ هێناوە.

## دەروازە: هزری سیاسی و سەربەخۆ خوازی لەلای بارزانی و یاوەرانی لە یەکێتی سۆڤییەت:

ئەگەرچی بۆچوونی جیاواز دەربارەی ژیانی سیاسییانەی بارزانی و یاوەرانی لە سۆڤییەت باسدەکرێت، بەڵام لێکۆڵینەوەکردن لە سەرچاوەکان و بەڵگەنامەکان، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن، بارزانی و یاوەرانی ئامانجی دامەزراندنی کیانێکی سیاسی کوردییان هەبووە و کاریان بۆ کردووە، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش، چەندین جۆر ڕێگایان تاقیکردووەتەوە، بەڵام لەهەموو هەوڵەکانیدا لەکۆتا کاتەکانیشدا بوویێت، یەکێتی سۆڤییەت بەربەستی بۆ درووستکردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتەی کە یەکێتی سۆڤییەت بەرانبەر بە ئێران و عێراق و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکاری هێناوە، تاکو بارزانی و یاوەرانی وەکو کارتێکی فشار لەدژیان بەکاربێنێت. لەهەمان کاتیشدا بارزانی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یاوەرانیشی هەمیشە لە هەوڵی دروستکردنی کیانێکی سیاسی سەربەخۆی کوردی بوونە، ئەمەش بەمەبەستی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی کوردەکانی یەکێتی سۆڤییەت. تەنانەت هەموو جارێکیش بارزانی ئاماژەی بەوە کردووە "هەر حکومەتێک لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا کۆمەکمان بکات، قبوڵی دەکەین" هەر بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش ڕووی لە یەکێتی سۆڤیەت کرد (احسانی، ٢٠٠٨: ٨٥).

تەنانەت زۆرجاریش بارزانی باسی لەوە کردووە بە هاوکاری سۆڤییەت، کوردستان سەربەخۆ دەبیت، چونکە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی زیان بە بەرژەوەندییەکانیان ناگەیێنێت (تەفرەشیان، ٢٠٠٤: ٢٤).

شایانی باسە، بارزانی ئامادەبوو پەیماننامەیەکی هاوکاری لەگەڵ سۆڤیەت ببەستێت، ئەویش بەرانبەر بە یارمەتیدانیان بۆ پێکهێنانی کۆمارێکی کوردی و یەکخستنی هەر چوار پارچەی کوردستان. بارزانی مەرجی دانابوو بۆ سۆڤیەت وتوویەتی "کاتێک ئامادەی هاوکاری بۆ سۆڤییەت دەبێ، دەبێت حکومەتی سۆڤیەت دەستەبەرێک بۆ یارمەتیدانی دروستکردنی کیانێکی کوردی دابنێت"، هەر لەم ماوەیەشدا (مان چیخ)ی یارمەتیدەری بەشی پەیوەندیەکانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت پێشنیازی کرد؛ پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرجەم پارچەکانی کوردستان بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی دابمەزرێت، بە مەبەستی یەکخستنی دەنگی نوێنەرانی کوردەکان لە سەرجەم پارچەکانی کوردستاندا، دەکرێت ئامانجیان ئەوە بێت پارتێکی گشتی بۆ سەرجەم پارچەکانی کوردستان دابنێن (هەورامی، ٢٠٠٢: ١٨١).

بەپێی بەڵگەنامەیەکی نهێنی ئەمریکا، لەلایەن ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکاوە لە ٥ ی ئەیلوولی ١٩٥٠ نووسراوە بە ناونیشانی: "مەلا مستەفا بارزانی ڕۆیشتووە بۆ مۆسکۆ" باس لەوە دەکات مستەفا بارزانی چووە بۆ مۆسکۆ، بە گوێرەی زانیارییە پشتڕاست نەکراوەکان، یەکێتی سۆڤیەت لە سێ مانگی ڕابردوودا، زیاتر لە جاران پاڵپشتی لە پرسی کورد دەکات و هانی کورد دەدات دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرینن، هەروەها دوای سەردانەکەی بارزانی بۆ مۆسکۆ، بارزانی سەردانی بەیروتی کردووە و پەیوەندی لەگەڵ هەندێک ئەفسەری کوردی سوریا بەستووە (ڕەحمانی، ٢٠٢٣: ٢٨).

هەر لەبارەی پاڵپشتی کردنی پرسی کورد لەلایەن سۆڤیەتەوە، ڕۆژنامەی ئیطلاعات لە ١٩٥٨/١٠/٢١ بە پشت بەستن بە ڕاپورتێکی ئاژانسی هەواڵی فڕانس پرێس، باس لەوەدەکات ماوەیەکی

کەم پێش گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بۆ عێراق سۆڤیەت پاڵپشتی لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی عێراق و ئێران و تورکیا کردووە[1] (ولدبیگی، ١٣٩٥: ٢٩٦).

دەکرێ هەنگاوەکانی بارزانی و یاوەرانی بۆ دروستکردنی حکومەتی کوردستان لە چەند تەوەرەیەکدا کۆبکەینەوە، لەوانە:

## تەوەرەی یەکەم: دروستکردنی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان لە ئازەربێجان:

ئەگەرچی بابەتی دروستکردنی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان جێگای قسەوباسی جیاوازە، بەڵام بەگوێرەی سەرچاوەکان تێدەگەین، بارزانی لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەت ڕێکەوتووە سەبارەت بە پێکهێنانی دامەزراوەیەکی سیاسی و سەربازی بە پاڵپشتی حکومەتی ئازەربێجان (رەحمان، ٢٠٢٤: ٧٩-٨٠).

زرار سلێمان بەگ شایەتحاڵی ڕووداوەکان بووە، باس لەوە دەکات "هەریەکە لە حیزبی کۆمۆنیستی و ئەنجومەنی وەزیرانی سۆڤیەت و ئەنجومەنی باڵای سۆڤیەت ڕازی بوون بە دامەزراندنی ئەنجومەنێک بۆ کوردەکان لە شێوەی حکومەتێکی کاتی لە دەرەوەی کوردستان، بەمەبەستی ڕاگەیاندنی ئەم بڕیارەش، مستەفا بارزانی و شێخ سلێمان لەلایەن باقرۆڤەوە بانگهێشتکران، پێی گووتبوون:

"مژدەیەکی زۆر گەورەم پێیە بۆ گەلی کورد و لە ڕێگای ئێوەوە پیرۆزبایی سەرکردایەتی سۆڤییەتتان پێڕادەگەیێنم و بەناوی خۆم و گەلی ئازەربێجانیش گەرمترین پیرۆزبایتان لێدەکەم، لە ڕێگەی ئێوەوە پیرۆزبایی لە گەلی کوردی برامان دەکەین، لە هەمان کاتدا حەسەنۆف داوای لە مستەفا بارزانی کردبوو لیستی ناوی ئەندامانی ئەنجومەنەکەی بۆ ئامادە بکات" (دەرگەڵەیی، ب.س: ١٦١_ ١٦٢).

لێرەدا گومان درووست دەبێ ئایا ئەنجومەنی سیاسی بووە یاخود حکومەتی سەربەخۆی کوردستان بووە؟ بەڵام بەڵگەنامەیەکی بەریتانی ئەمەمان بۆ یەکلا دەکاتەوە کە ئەم ئەنجومەنەش

[1] بۆ بینینی دەقی رۆژنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (یەك)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکرێ ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی کوردستان بوو بێت، چونکە خودی بەڵگەنامەکە پێمان دەڵێ حکومەتی سەربەخۆی کوردستان درووستکراوە، هەوەکو دەقی بەڵگەنامەکە دەڵێت:

"باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا، 1949/9/20، نهێنی، بەرێز باڵیۆز، وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی بەریتانیا ئاگاداری کردینەوە، ڕاپۆرتێکیان دەستکەوتووە بۆ ئەو کاریگەرییانەی مەلا مستەفا بارزانی حکومەتێکی لە ئازەربێجان درووستکردووە، بەناوی "حکومەتی سەربەخۆی کوردستان"، ڕاپۆرتەکە زانیاری زیاتریش دەدات کە ناوبراو شاری "تەفلیس"ی وەرگرتووە و بۆ پایتەختەکەی. کە لەوێدا ئەفسەرە ڕووسییەکان پێنج هەزار سوارەی کورد مەشق پێدەکەن، مەلا مستەفا بەمزوانە سەربەخۆیی حکومەتەکەی ڕادەگەیەنێ و ئاڵایەك بۆخۆی دیاری دەکات، کە هێشتان دیزاینەکەی دیاری نەکراوە. ئێمە هیچ زانیارییەکی پشتڕاستکەرەوەمان نییە و گومانمان هەیە، چونکە هیچ پشتڕاستکەرەوەیەکمان نییە. پێویستە دڵخۆش بین سەبارەت بە هەر زانیارییەك دەربارەی پشتڕاستکردنەوە یان ڕەتکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە. ئێمە پرسیارمان لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق کردووە سەبارەت بەم بابەتە. ئێمە کۆپییەکی ئەم نامەیە بۆ کەرکوك و بۆ بەشی ڕۆژهەڵاتی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیان دەنێرین. لەگەل ڕێزدا"(FO. 371-75182).[2]

ئەوەی لەم ڕاپۆرتەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، بارزانی و یاوەرانی حکومەتێکی کوردی سەربەخۆیان لە باکۆ بنیاتناوە و هەوڵیانداوە بیریان لە هێزی سەربازیش کردۆتەوە، تاکو لەژێر مەشق و ڕاهێنانی ئەفسەرانی ڕووسی ئەنجام بدەن.

ئامانجی حکومەتی سۆڤیەت لە پاڵپشتی کردنی ئەم پرۆژەیە بریتی بوو لە درووستکرنی فشار لەسەر حکومەتەکانی ئێران و عێراق بەمەبەستی ناچارکردنی ئەم دوو حکومەتە بەرانبەر بە داواکارییەکانی یەکێتی سۆڤیەت (قارەمان حەیدەر ڕەحمان، ٢٠٢٤: ٨٠). بەمەش یەکەمین هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە یەکێتی سۆڤیەت دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٤٨/١/١٩ لە باکۆ، ئەوکاتە کونفرانسێك بەسترا، کوردانی نیشتەجێی سۆڤیەت لەم کۆنفرانسەدا بەشدار بوون، مستەفا بارزانی بە سەرۆکی سەرکردایەتی سیاسی ئاوارەکانی عێراق و ئێران هەڵبژێردرا (گەردی، ٢٠٠٤: ١٦؛ البوتاني، ٢٠١٢: ٢٣؛ نووری، ٢٠٠٧: ٢٣٠_٢٣١؛ کەریم، ٢٠٠٩: ١٨؛ بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، ٢٠٢٢: ١٥؛ اولگا ایوانوونا

[2] بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (دوو)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژیگالینا، ٢٠٢٣: ١٢٤؛ میرخان، ٢٠٠٧: ٥؛ مام خول، ٢٠١٣: ٥٧؛ قرگەیی، ٢٠١٢: ١٦٧-١٦٨؛ بیرەوەری، ١٩٩٢: ١٩؛ Бадырхан, 2013: 51؛ سەنگاوی، ٢٠١٤: ٥٥٣).

ئەندامەکانی تریش بریتی بوون لە: شێخ سلێمان، علی محمد صدیق، میرحاج ئاکرەیی، سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، محمد نەجیب بەرواری، عەبدولڕەحمان موفتی ئامێدی[3] ئەمانە کوردانی باشووری کوردستان بوون (بارزانی، ٢٠٢٠: ٢٣٤؛ ئەبوبەکر، ٢٠٠١: ١٢٣_١٢٤؛ عەبدولرەحمان، خۆشناو، ٢٠١٢: ٧٢؛ دەرگەڵەیی، ب.س: ١٦٢). کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بریتی بوون لە: سەید عەزیز شەمزینی، ڕەحیم قازی، مستەفا سەلماسی، ڕەحمان گەرمیانی، حەسەن حیسامی، سەید کەریم، دکتۆر موراد[4] (کانیەلنجی، ٢٠٢٣: ١٩٧؛ حمو، ١٩٩٦: ٣١؛ رەحمان، ٢٠٢٤: ٨٠).

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا ژمارەیەکی بەرچاوی کەسایەتی حکومەتی ئازەربێجان و فەرماندەکانی قەفقاس بەشدار بوون، میرحاج ئەحمەد وتارێکی خوێندەوە و ئاماژەی بە ناوی ئەندامانی ئەنجوومەن کرد، بارزانیش بە سەرۆکی ئەنجوومەن و شێخ سلێمانیش بە یاریدەدەری دەستنیشانکرا (دەرگەڵەیی، ب.س: ١٦٢_١٦٣).

هەر لەم سەروبەندەدا لە ١٩٤٨/١/٢٠ مستەفا بارزانی وتارێکی پێشکەش کرد و ئاماژەی بە پرۆگرامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، باسی لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان

---

**[3] عەبدولرەحمان موفتی تەیب لە قەزای ئامێدی لەدایکبووە، یاوەری مستەفا بارزانی کردووە بۆ یەکیتی سۆڤیەت، دوای گەرانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٥٩ بووە بە فەرمانبەر لە بەغداد، لە ساڵی ١٩٦٣ خانەنشین کراوە، دواتر لەگەڵ میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی لەلایەن حکومەتی عێراق زیندانی کراوە، لە ساڵی ١٩٩٣ کوچی دوایی کردووە (ئەرشیفی دەستەی ئینسکلوپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان)**

**[4] موراد عەزیز ناسراو بە (دکتۆر موراد) لە ساڵی ١٩١٨ لە کرماشان لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٤١ پەیوەندی بە کۆمەڵەیی نهێنی ئەفسەرانی حزبی تودەی ئێرانی کردووە، لە ساڵی ١٩٤٧ بەرەو یەکیتی سۆڤیەت چووە هەر لەێ خوێندوویەتی، لەساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ یاوەرانی بارزانی گەراوەتەوە بۆ عێراق و لەهەمان ساڵدا بە سەرۆکی دەستەی ئامادەکاری کونگرەی چوارەمی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردراوە، لە ساڵی ١٩٧٤ یارمەتی حزبی بەعسی داوە لەدژی شۆرشی ئەیلوول، لە ساڵی ١٩٨٠ کوچی دوایی کردووە (ئەرشیفی دەستەی ئینسکلوپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان)**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کرد (گەردی، ٢٠٠٤: ١٧؛ ئەلعامری، ٢٠٢١: ١٠٨؛ گەوهەری، ٢٠١٧: ١٥٦؛ حەیدەری، سورمێ، ١٩٩٧: ٦٨). هەروەها ئاماژەی بە پلانی ئابووری کرد سەبارەت بە باشکردنی ژیانی جوتیارانی کورد و گرینگیدان بە کەرتی کشتوکاڵی و خۆماڵیکردنی نەوت (رەحمان، ٢٠٢٤: ٢٤٧-٢٥٦).[5]

[5] لەگەڵ ئەمەشدا باسی لە نەهامەتیەکانی گەلەکەی کرد لەسەر دەستی دەسەڵاتە داگیرکارەکانی (عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا) و یەکگرتنیان لە دژی کورد، هەروەها باسی لە خەباتی گەلی کورد کرد لەدژی ئەم ڕژێمانە، ڕاپورتێکی لەبارەی کوردستانەوە پێشکەشی ئامادەبووان کرد، باسی چاوەڕوانی گەلی کورد بۆ سەربەخۆی و ئازادی کرد، هەر لەم چوارچێوەیەدا ئاماژەی بەوەدا گەلی کورد زیاتر لە هەموو گەلانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ ئازادی خۆی قوربانی داوە، ئێستاش خەباتی کورد لەژێر سەرپەرشتی حزبی دیموکراتی کوردستان بەردەوامە، هەروەها بارزانی باس لە بەستنی پەیماننامەیەکی سیاسی و ئابووری کرد لە نێوان سۆڤیەت و حکومەتی داهاتووی کوردستان و خەباتی دژی داگیرکاری و ئەمەش بەلای حکومەتی سۆڤیەتەوە گرنگ و جێگای بایەخ بوو[5] (هەورامی، ٢٠٠٢: ٣٧_٤٠). لە درێژەی وتارەکەیدا بارزانی ئاماژەی بە هەموو شۆڕشەکانی گەلی کورد کرد کە بەمەبەستی سەربەخۆیی و ئازادی ئەنجامدرابوون، هەروەها ئاماژەی بە سیاسەتی وڵاتان کرد بەرامبەر پرسی کورد و کوردستان (مجید، ٢٠١١: ٩٨). بارزانی باسی لە ویستی گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی کرد، ئامانجی بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی سەربەخۆ لە هەر چوار پارچەکانی کوردستان خستەڕوو (رەحمان، ٢٠٢٤: ١٤٥) لەگەل ئەمەشدا لە ئێزگەی ڕادیوی باکۆ ماوەیەکی بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگۆباسی کوردی دانرا، ئەمە جگە لە دەرچوونی ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی ( Бадырхан, 2013: 51؛ Жигалина, 2013: 115؛ ژیگالینا، ٢٠٢٣: ١٢٤؛ نووری، ٢٠٠٧: ٢٣١؛ عەبدولرەحمان، خۆشناو، ٢٠١٢: ٧٢؛ سەنگاوی، ٢٠١٤: ٥٥٣). شایانی باسە ئەو ڕۆژنامەیەی لە شاری باکۆ دەرکرا جگە لە زمانی کوردی بە زمانەکانی (فارسی، عەرەبی، تورکی، ڕووسی) دەرکرا، ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە بۆ هەرچوار پارچەی کوردستان دەنێردران (کانیەلنجی، ٢٠٢٣: ١٩٧_١٩٨). هەروەها هەفتەی یەک جار ئەم ڕۆژنامەیە بۆ یاوەرانی بارزانی دەبردرا (کۆلەلی، ٢٠١٩: ٧٩؛ ئەرشیفی دەستەی ئینسکلوپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان). لەگەڵ ئەوەی مستەفا بارزانی بەردەوام نامەی بۆ کاربەدەستانی سۆڤیەت دەنارد، بەمەستی پاڵپشتی کردنی پرسی کورد، لەگەڵ ئەمەشدا بارزانی سەردانی ئەو کوردانەی دەکرد کە لە یەکێتی سۆڤیەتدا نیشتەجێ بوون، جگە لەمەش بولتەنی متاڵانی_ ناوەندی لێکولینەوەی کورد لە پاریس کە لەلایەن (ئەمیرکامران بەدرخان) چاپ کراوە باس لەوە دەکات مستەفا بارزانی ماوەیەك وتاری لە ڕادیویی باکۆدا بڵاودەکردوە و داوای لە کوردەکان دەکرد یەکگرتوو بن و سەبریان هەبێت، ڕۆژێک دێ رۆژی کوردان هەڵدێت و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرچەندە بۆچوونەکی تر هەیە باس لەوە دەکات، لەم ماوەیەدا مستەفا بارزانی توانی لەگەڵ حکومەتی سۆڤیەت ڕێک بکەوێت سەبارەت بە وتارەکانی لە ئێزگەی ئازەربێجانی دیموکرات، لەم کاتەشدا ڕۆژنامەی ڕزگاری کە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، سودی لەم ئێزگەیە وەرگرت بۆ بڵاوکردنەوەی وتارەکانی بارزانی (رەحمان، ٢٠٢٤: ١٥٦-١٥٧).[6]

---

دەبن بە خاوەن دەوڵەتی خۆیان، لەپاڵ ئەمەشدا ڕۆژنامەی ئازەربێجان هەموو ڕۆژێک لاپەرەیەکی تایبەتی بەناوی کوردان بلاودەکردەوە، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەو هەواڵە ناراست بوو (مجید، ٢٠١١: ٩٩؛ کوچێرا، ١٣٦٩: ٣٠٦_٣٠٧).

[6] مستەفا بارزانی لە ڕێکەوتی ٢١ و ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٨ وتارەکانی خۆی لە ئێزگەی ڕادیۆی ئازەربێجان بڵاوکردووتەوە لە وتارەکانیدا هانی گەلی کوردی داوە کە بەردەوام بن لە خەبات و تیکوشان، لە وتاری یەکەمدا ئاماژەی بەوە کرد

"حکومەتی عێراقی کۆنەپەرست، ئەمڕۆ هەوڵئەدات جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراقدا لەناو ببات بەناوی شوعیەتەوە، بەسود وەرگرتن لە ئەحکامی عورفی لە وڵات... بەڵام ڕای گشتی دەزانێ مەبەستی ئەو تومەتانەو ئەو جوڵانەوەی ئێستا لە کوردستان، پوخت جوڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازی نیشتیمانییە، ئامانجی ڕزگاربوونە لە چەوسانەوەی نەتەوەیی"

بەم شێوەیە مستەفا بارزانی لە ئاوەرەیدا گەلی کوردستانی لە پیلانەکانی حکومەتی عێراق ئاگادار کردەوە (رەحمان، ٢٠٢٤: ١٥٧)

هاوکات لە وتاری دووەمدا گووتی:

"کوردستانی عێراق بەشێکی گرینگە لە کوردستانی گەورە،بۆیە تەنها دەتوانین نیشانی جیهانی بدەین گەلی کورد لە عێراقدا بەدەست چینی دەسەڵاتدارەوە چی دەناڵێنێت، کورد کە یەکێک لە دوو نەتەوە سەرەکیەکانی عێراق پیکدەهێنێت، ئەمڕۆ لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەی بە ئامانجی سڕینەوەی ناسیونالیزمی کورد لە عێراقدا ئازار دەچێژێت، کە بەڕوونی لە لایەنە کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی ژیانی گەلی کوردستاندا بەدی دەکرێت، لە ڕوانگەی ڕوشنبیرییەوە کوردەکان لە قوتابخانەی ناوەندییەکان تەنانەت سەرەتاییەکانیش لە هەندێك ناوچەی کوردی وەك موسڵ لە خوێندن بە زمانی کوردی بێبەشن، لە قوتابخانەی

بە پێی بەڵگەنامەیەک لەلایەن ژان لیسکۆیەری باڵوێزی فەرەنسا لە تورکیا بۆ ڕۆبەرت شیومانی وەزیری کاروباری دەرەوە (ئیدارەی ئەفریقا و ڕۆژهەڵات) نێردراوە، لە ڕێکەوتی ١٥ی تەمموزی ١٩٤٩ لەبارەی پرسی کوردەوە باس لەوە دەکات؛ ڕۆژنامەی وەتەن لە ١٣ی تەممووزدا وتارێکی بڵاوکردەوە و ئاماژەی بە دروستکردنی حکومەتێکی کوردیدا لە ئازەربێجانی سۆڤیەت و شاری تەفلیس وەک پایتەختەکەی دیاریکراوە، مستەفا بارزانیش سەرکردایەتی ئەم حکومەتە دەکات. زیاتر لەمەش بەڕێوبەرایەتی ڕۆژنامەوانی ئەنقەرە کۆمەڵێک وتاری بارزانی دەستکەتووە، لە ڕادیۆی ئازادی

---

ناوەندی سلێمانیش خوێندن بە زمانی عەرەبی بەڕێوە دەچێت، کە گرینگترین شاری کوردستانی عێراقە، ئەو دۆخە هاوشێوەیە لە فەرمانگەکانی حکومەت، زمانی فەرمی لە ناوچە کوردنشینەکاندا عەرەبییە" (ساڵح، ساڵح، ٢٠١١: ٥٩)

سەبارەت بە بارودۆخی ئابووری ئاماژە بەوە دەکات "لە ڕووی ئابووری، قەیرانەکە لە ناوچە کوردییەکان گەیشتووتە ئەوپەڕی، بەهۆی ئەو سیاسەتەی ئامانجی برسیکردن و ئاوارەکردنی گەلی کوردە لە عێراقدا"(ساڵح، ساڵح، ٢٠١١: ٥٩) هەروەها لە ڕووی سیاسیشەوە ئاماژەی بەوە کرد

"لە ڕووی سیاسییەوە بەشدارپێکردنی کورد لە حکومەت پێویستە. لە پەرلەمانی عێراق ژمارەیەک نوێنەر هەن، ژمارەیان گونجاو نیە لەگەڵ ژمارەی کورد لە عێراق ئەوان هەڵنابژێردرێن بەڵکو دادەمەزرێن ئەوانەن کە توانیویانە متمانەی باڵوێزخانەی بەریتانیا و چینی بورجوازی دەسەڵاتدار بەدەستهێناوە، وەزیرە کوردەکانیش لە ناو حکومەت، لە دوو زیاتر نینە لەنێو هەمووان، لەوانەش کە نازان بە زمانی کوردی قسە بکەن و جگە لەوەی دوژمنایەتی ڕاستەخۆیان بۆ گەلی کورد و دۆزی کورد هەیە" (ساڵح، ساڵح، ٢٠١١: ٦٠؛ رەحمان، ٢٠٢٤: ١٥٨-١٥٩) شایانی باسە هەموو ئەم وتارانەی مستەفا بارزنی لە ژمارە ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٨ی ڕۆژنامەی ڕزگاری بڵاوکراونەتەوە بڕوانە (ساڵح، ساڵح، ٢٠١١: ٥٨-٦٠)

لێرەدا بەدیار دەکەوێت مستەفا بارزانی لە ڕووی سیاسی و ئابووری و پەروەدەوە ویستویەتی گەلی کورد وشیار بکاتەوە (رەحمان، ٢٠٢٤: ١٥٧-١٥٩) هەر لەئەنجامی ئەمەشدا مستەفا بارزانی توانی حکومەتێکی کوردی دروست بکات لە ساڵانی پەناهەندەیی، توانی کوردەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری ئامانجە نەتەوایەتییەکەیان کۆبکاتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئازەربێجان بڵاویکردووتەوە و بانگەوازی گەلەکەی دەکات بۆ بەرپاکردنی شۆڕش لەدژی هەر یەکە لە ئێران، عێراق، تورکیا (حەبیب، ٢٠١٠: ١٣٨_١٣٩).

هەروەکو لە پێشتریشدا ئاماژەمان پێدا، بەپێی بەڵگەنامەیەکی بەریتانی، لەلایەن باڵوێزی بەریتانیا لە تاران لە ڕێکەوتی 1949/9/20 نامەیەك بۆ باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا نێردراوە، تیایدا ئاماژە بۆ زانیارییەکی جیاواز دەکات، کە تیایدا مەلا مستەفا بارزانی حکومەتێکی درووستکردووە بەناونیشانی "حکومەتی سەربەخۆی کوردستان" ، هەروەها یاوەرەکانیشی بوونەتە هێزێکی سەربازی لەژێر سەرپەشتی ئەفسەرە ڕووسییەکان. تەنانەت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەم حکومەتە ئاڵاکەشی درووستکراوە، بەڵام دیزاینی ئاڵاکە هێشتان بڕیاری لەبارەوە نەدراوە (FO. 371-75182).

بەپێی بەڵگەنامەیەکی تری حکومەتی فەرەنسا بە ناونیشانی "دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێی کوردی لەژێر چاودێری سۆڤیەتییەکان" باس لەوە دەکات "سۆڤیەت جاری دامەزراندنی حکومەتی کوردی لە ئازەربێجان دەدا، ئەم حکومەتە لەلایەن سەرۆکی کورد مەلا مستەفا سەرۆکایەتی دەکرێ و بارەگای سەرکردایەتی لەم شارەدا دەبێ، لەوێدا لەلایەن کومەڵێک ئەفسەری سۆڤیەتی، چەند هەزار سوارەیەکی کورد مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکرێ"[7] هەرچەندە لە ڕووی ژمارەی جەنگاوەرانەوە دەکرێت زیادەڕۆیی کرابێت، چونکە ژمارەی یاوەرانی بارزانی هێندە زۆر نەبووە (ڕەحمان، ٢٠٢٤: ٨٠-٨١).

بەهۆی بڵاوکردنەوەی وتاری کوردی لە ڕادیۆی ئازەربێجان باڵوێزی ئێران لە مۆسکۆ یاداشتی ناڕەزایەتی حکومەتی ئێرانی بەرانبەر بەم کارەی حکومەتی سۆڤیەت پێشکەشکرد، هەروەها هەر لەم چوارچێوەیەدا ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ٣١ی ئاداری ١٩٤٩دا لێدوانێکی بڵاوکردەوە ئاماژەی بەوە کرد "حکومەتی سۆڤیەت هەوڵئەدات.... بەیارمەتی ڕۆڵی ئێزگەکان، کار بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی بکات لە کوردستانی ئێران یان لە یەکێتی سۆڤیەت، بۆ ئەوەی پەردە بەسەر ئەو شکستەی دابدات کە لە بازنەی نێودەڵەتی ڕووبەڕووی بۆتەوە" ئەمە جگە لەوەی چەندین یاداشت لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئێرانەوە پێشکەشی باڵوێزخانەی سۆڤیەت کراوە لە تاران (ڕەحمان، ٢٠٢٤: ١٥٩).

هەروەها بەڵگەنامەیەکی ئەمریکی، باس لەوە دەکات ئێزگەی ڕادیۆی ئازەربێجان بەنهێنی لە سۆڤیەت پەخش دەکرێت، هەندیک زانیاری بڵاوکردوتەوە کە جەخت لەسەر بیرۆکەی پێکهێنانی

---

[7] مەبەست لەو سوارانە، یاوەرانی بارزانین کە ئەوکاتە لە مەشق و ڕاهێنان بوون. توێژەر.

دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەکاتەوە و باس لەوە دەکات هێزی پارتیزانی بەناوی (سوپای شۆڕشگێڕی نەتەوەی کورد) دروستکراوە و دەست بە چالاکی کردووە لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان (وریا ڕەحمانی، ٢٠٢٣: ٢٨) هەر بۆ ئەم بابەتەش، بارزانی لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاوی کوردانی ئەرمینیا کۆبۆتەوەو داوای لێیان کردووە یەکبگرن، هەوڵەکانیان بخەنەگەر بۆ خزمەتکردنی دوزی کورد (کانیەلنجی، ٢٠٢٣: ٢١٢). هەروەها بەشێکی بەرچاوی گەنجانی کورد، ئەوانەی لە لەوکاتیدا لە وڵاتانی ئەوروپا دەیانخوێند نامەیان بۆ بارزانی نارد و پەیوەندیان بە بارزانییەوە کرد، بارزانیش لە بۆنە کوردییەکاندا نامەی پیرۆزبایی بۆ ئەم گەنجانە دەناردەوە (مام خول، ٢٠١٣: ٦٠-٦١)

کۆمیسیۆنی پاشایەتی عێراق لە تاران ڕاپۆرتێکی بۆ وەزارەتی دەرەوەی عێراق ناردووە و باس لە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی دەدات لە شاری نەخچەوان حکومەتی سۆڤیەت ئێزگەیەک و چاپخانەیەکی پێشکەشی گەورە پیاوانی کورد کردووە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی وتارەکانیان لەمبارەوەش ڕادیۆی یەریڤان، کە لەلایەن حکومەتی کوردییەوە سەرپەرشتی دەکریت و بەردەوام وتاری لەسەر مێژووی کورد بڵاودەکاتەوە (قارەمان حەیدەر رەحمان، ٢٠٢٤: ٨١) بەپیی بەڵگەنامەیەکی بەریتانی لە ١١ی حوزەیرانی ١٩٤٩ لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بۆ عێراق و ئەنقەرە و تاران و مۆسکۆ نوسینگەی ڕۆژهەڵاتناسی ناوەڕاست_قاهیرە نێردراوە باس لەوە دەکات تاران و ئەنقەرە هەر زانیارییەک سەبارەت بە مستەفا بارزانی و یاوەرانی هەبێت و کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی کوردستانی عێراق هەبێت دەبێت پێشکەشی حکومەتی عێراق بکرێت (حبیب، ٢٠٢٣: ١٠٥).

بەپیی بەڵگەنامەیەکی بەریتانی لەلایەن سێر ئایچ، ماکی باڵوێزی بەریتانیا لە بەغداد لە ٢٩ی نیسانی ١٩٤٩ لە بەغدادەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە و ئەنقەرە و تاران و مۆسکۆ نوسینگەی ڕۆژهەڵاتناسی ناوەڕاست_قاهیرە نێردراوە باس لەوە دەکات یاداشتێکی لە حکومەتی عێراقەوە پێگەیشتووە کە تیایدا هاتووە حکومەتی عێراق ڕێنمایی بۆ باڵوێزخانەکانی لە تاران و ئەنقەرە ناردووە بۆ ئەوەی داوا لەو حکومەتانە بکەن هەر زانیارییەکیان سەبارەت بە جموجوڵەکانی مستەفا بارزانی و یاوەرانی دەستبکەوێت و کاریگەریان لەسەر ئاسایشی کوردستانی عێراق هەبێت بیدەن بە حکومەتی عێراق (حبیب، ٢٠٢٤: ٣٣؛ حبیب، ٢٠٢٣: ١١٢؛ علي، ٢٠٠٨: ٤٨٧؛ عەبدوڵڵا، ٢٠١٩: ٣٦٩؛ مەزهەر، ٢٠١٤: ٣٣٨-٣٣٩).

لە کوتاییدا بەشێك لە کوردەکانی ڕۆژهەلات بوون بە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی ئەم حکومەتە، چونکە هەندێک لە کوردانی ڕۆژهەڵات لەناو سەرکردایەتی سیاسی کوردی باکۆدا بوون،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بوبوونە لایەنگری باقروف لە دژی مستەفا بارزانی و یاوەرانی، ئەمەش هۆکارێك بوو ئەم هەوڵە شکست بهێنێت(بارزانی، ٢٠٢٠: ٢٣٦؛ سەنگاوی، ٢٠١٤؛ ٥٥٤) هەرچەندە زۆربەی نووسەران ئاماژە بە ناوی ئەو کوردانە ناکەن بوونە بە لایەنگری باقروف بەڵام جەلال تاڵەبانی لە بیرەوەرییەکانیدا باس لەوە دەکات (ڕەحیمی قازی) ببوو بە لایەنگری سۆڤیەت، ئەمەش لە کاتێدا ناوبراو ئاماژە بەو هۆکارە ناکات کە وای کردووە ڕەحیمی قازی ببێت بە لایەنگری باقروف(رەشید، ٢٠١٧: ٨٧)

ئەوەی لەم تەوەرەیەدا بۆمان دەردەکەوێت، بەستنی ئەم کونگرەیە لە باکۆ لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان هەنگاوێکی گرنگ و پڕ بایەخ بوو لە دوای قوناغی ڕووخانی کۆماری کوردستان، چونکە بەهۆی بەستنی ئەم کونگرەیە حکومەتێکی کاتی تایبەت بە گەلی کورد لە دەرەوەی خاکی کوردستان دامەزرا، دەکرێت بڵێین ئامانجی مستەفا بارزانی لە دروستکردنی ئەم حکومەتە بریتی بوو لە بەردەوامیدان بە بزاڤی رزگاریخوازی کوردی، لە هەمووش گرینگتر ئەوە بوو، لەوکاتەدا بارزانی توانی سەرکردایەتییکی هاوبەش لە نێوان کوردەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکبهێنێت، ئەمەش کاریگەریەکی بەرچاوی هەبوو لەسەر بەرزبوونەوەی ورەی تاکی کورد، بە ڕووخانی ئەم حکومەتە کاتیەش ورەی بارزانی و یاوەرانی دانەبەزی بەڵکو توندوتۆڵتر لە جاران لە پیناو مافە نەتەواییەتیەکانیان خەباتیان کرد و بەردەوامیش لە هەوڵی پێکهێنانی حکومەتیکی سەربەخۆی کوردیدا بوون.

## تەوەرەی دووەم: هەوڵە سیاسییەکانی بارزانی و یاوەرانی بۆ درووستکردنی حکومەتێکی کوردی لە ئێران:

ئەگەرچی هەوڵەکانی بارزانی بە پاڵپشتی یاوەرانی و هەندێك لە کوردەکانی سۆڤییەت بۆ درووستکردنی حکومەتی کوردستان لە ئازەربێجان سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام ئەمە وایکرد سارد نەبنەوە و هەوڵێتر بدەن، ئەمجارەیان بە هەماهەنگی لەگەڵ هۆزە کوردییەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئێران هەوڵی درووستکردنی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان بدەن، هەروەکو دەبینین بەپێی ڕاپورتێك لەلایەن کروگلۆڤی وەزیری ناوخۆی سۆڤیەت بۆ ستالین نێردراوە لە ١٠ی شوباتی ١٩٤٩ باس لەوە دەکات؛ مستەفا بارزانی دەیەوێت شانشینێك لە هۆزە کوردەکان دروست بکات، بۆیە باقرۆڤ داوای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کردووە بارزانی و یاوەرانی لە نزیك سنووری ئێران بگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی تر، دەکرێ باقرۆڤ و سەرکردایەتی سیاسی سۆڤیەت، ترسیان لەوە هەبووبێت بارزانی و یاوەرانی پەیوەندی لەگەڵ هۆزە کوردییەکانی ئێران لە نزیك سنووری سۆڤیەت ببەستن و دەوڵەتێك دروست بکەن و بەمەش بیرۆکەی سەربەخۆیی بگوازرێتەوە بۆ کوردەکانی ناو خاکی سۆڤیەتیش (گەوهەری، ٢٠١٧: ١٨٢_١٨٤؛ هەورامی، ٢٠٠٢: ٩٩_١٠٠؛ زێباری، ٢٠١٣: ٩٩-١٠٠).

هەر بۆ ئەمەش، باقرۆڤ دەستی کردبە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە سەبارەت بە بارزانی و یاوەرانی و باسی لەوە دەکرد مستەفا بارزانی هەر کاتێك دەرفەتی بۆ بڕەخسیت بەرەو سنورەکانی ئێران دەچێت و بە مەبەستی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی (أشو، ٢٠٠٨: ٢١_٢٢).

دەکرێ خودی ئەم پڕوپاگەندەیەش ڕاستی تێدابووبێت، هەروەکو بەپێی راپۆرتێکی هەواڵگری ئەمریکی لە چوارچێوەی هەوڵەکانی مستەفا بارزانی بۆ دروستکردنی حکومەتێکی سەربەخۆی کوردی، لەلایەن ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی بۆ (عێراق، یەکێتی سۆڤیەت) نێردراوە، لە ١١ی تەمموزی ١٩٥٠ دا بە ناونیشانی: " چالاکیەکانی مەلا مستەفا بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەتدا بۆ یەکگرتنی کورد" باس لەوە دەکات کە لە ٢٤ی ئایاری ١٩٥٠ مستەفا بارزانی و بەشێکی یاوەرانی و کومەڵێك لە سەرکردایەتی کورد لە شوێنێکی نەناسراو بەدرێژایی سنووری عێراق و ئێران کۆبوونەتەوە و باسیان لە یەکگرتنی کوردەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان کردووە، لە چوارچێوەی وڵاتێکی سەربەخۆدا بە ڕەزامەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ ئەم مەبەستەش لە ٢٥ی ئایاردا مستەفا بارزانی سێ نوێنەری کوردی خەڵکی (باشوور، باکوور، رۆژئاوا)ی کوردستان ناردووە بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەیان لەم پرۆژەیە (ڕەحمانی، ٢٠٢٣: ٢٦).

بەپێیّ بەڵگەنامەیەکی تری نهێنی ئەمریکا کە لەلایەن ئاژانسی هەواڵگری ناوندییەوە لە ١٤ی ئەیلوولی ١٩٥٠ بۆ هەریەکە لە وڵاتانی (ئێران، یەکێتی سۆڤیەت) نێردراوە بە ناونیشانی: "سەردانی مەلا مستەفا بارزانی بۆ ئێران" باس لەوە دەکات بە گوێرەی زانیاریەکان لە ڕێکەوتی ٥ یان ٦ ی ئەیلوولی ١٩٥٠ مستەفا بارزانی و پێنج یاوەری لە یەکێتی سۆڤیەتەوە هاتوون بۆ گوندی زینێی لە ناوچەی مرگەوەر (ئێران) و سەردانی هەریەکە لە (سەید خان بەگ)ی سەرۆکی هۆزی مەندەن و (فەتاح ئاغا)ی سەرۆکی هۆزی سەرحەدی کردووە کە هەردووکیان سەر بە هۆزی هەرکینە، ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە ڕوون نییە، دواتر مستەفا بارزانی و یاوەرانی گەڕاونەتەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت، دەکریت بڵێین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئامانجی مستەفا بارزانی لەم سەردانەیدا ئەوە بووە کوردەکانی ئێرانیش ئاگادار بکاتەوە سەبارەت بە پرۆژەی یەکگرتنی کوردەکانی هەرچوار پارچە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا (ڕەحمانی، ٢٠٢٣: ٣٠).

لە چوارچێوەی ئەم هەوڵانەدا، هەندیک لە یاوەرانی بارزانیش سەردانی ئێرانیان کردووە بەپێێ بەڵگەنامەیەکی تری نهێنی ئەمریکا کە لەلایەن ئاژانسی هەواڵگری ناوندییەوە لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٥١ بۆ هەریەکە لە وڵاتانی (ئێران، یەکێتی سۆڤیەت) نێردراوە بە ناونیشانی: "چالاکی بارزانییەکان لە یەکێتیی سۆڤیەت" باس لەوە دەکات دوومانگ لەمەوبەر یاوەرێکی بارزانی سەردانی هۆزی جەلالی کردوووە و ئاماژەی بەوە داوە مستەفا بارزانی سەردانی مۆسکۆی کردووە و یاوەرەکانی لە گوندەکانی باکۆ نیشتەجێکراون، هەروەها ژمارەیەک لە یاوەرانی بارزانی بە ئاگاداری حکومەتی سۆڤیەت ماوە بۆ ماوە سەردانی هۆزی جەلالی لە ئێران دەکەن (ڕەحمانی، ٢٠٢٣: ٣١).

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت جووڵانەوەکانی بارزانی و یاوەرەکانی بۆ درووستکردنی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان، تەنها لەناو خاکی سۆڤییەتدا نەبوو، بەڵکو چەندین جار یاوەرەکانی بارزانی گەڕاونەتەوە ناو خاکی دەوڵەتی ئێران و لەژێر سەرپەرشتی بارزانی، کاریان بۆ درووستکردنی حکومەتێکی کوردی لەناوچە کورنشینەکانی ڕۆژئاوای ئێراندا کردووە.

## تەوەرەی سێیەم: هەوڵدان بۆ دروستکردنی کیانێکی کوردی لە یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیا:

بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، ئەوەمان پیشان دەدەن جووڵانەوەکانی بارزانی لە سۆڤییەتدا بە ئاڕاستەی بەهێزترکردنی هەستی نەتەوەیی بووە و لەگەڵ یاوەرانی لە هەوڵی و دروستکردنی کیانێکی کوردی بوونە، ئەمەش لە چەندین سەرچاوەدا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە سەرچاوەیەکی ڕووسی باس لەوە دەکات مستەفا بارزانی پێشنیازی بۆ حکومەتی سۆڤیەت کردووە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی لە سەر سنووری ئەرمینیا و تورکیا بۆ کوردان دروست بکەن (Бугай, 2013: 35)، بەڵام حکومەتی سۆڤیەت بە بیانووی ئەوەی ژمارەی کوردانی ئەرمینیا کەمە و بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکانیش مافی خوبەڕێوبەریان نییە، بۆیە ئۆتۆنۆمییان پێنەدان ( کۆچی، ١٩٩٠: 45).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەگەڵ ئەمەشدا لە پێشتریش دا لە ڕێکەوتی 3/11/ 1948 ئێزگەی دەنگی ئیسرائیل ڕایگەیاندبوو لە یەریڤان ی پایتەختی ئەرمینیادا حکومەتێکی کوردی دامەزرێندراوە، بڕیار وایە ئەم حکومەتە لە شێوەی یەکێتیەکی سەربازیدا بێت و مستەفا بارزانیش ڕۆڵی تیایدا هەبێ، دواتریش باشوور، باکوور، ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بگرێتەوە. ڕاستەوخۆ دوای بڵاوبووونەوەی ئەم هەواڵە، بەشی ڕۆژهەڵاتی وەزارەتی هەندەرانی بەریتانیا، ڕاپورتێکیان بۆ باڵوێزخانەی بەریتانیا لە تاران، بەغداد، ئەنقەرە، مفەوزەتی حکومەتی بەریتانیا لە دیمەشق ناردووە (مەزهەر، ٢٠١٤: ٥٧-٥٨).

هەمان ئەم هەواڵە لە بەڵگەنامەیەکی تری بەریتانیدا پشتڕاستکراوەتەوە، کە لە ڕێکەوتی 1948/11/15 بڵاوکراوەتەوە، تیایدا وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا (بەشی ڕۆژئاوا) نامەیەکی ئاڕاستەی باڵیۆزخانەی ئەنقەرە کردووە، هەروەها کۆپییەکی نامەکەشی ئاڕاستەی باڵیۆزخانەکانی بەریتانیا لە تاران و بەغدا و دیمەشق کردووە، لەنێویدا بە مانشێتێك نووسراوە "ئایا دەتوانن تیشکێك بخەنە سەر ڕاپۆرتی بڵاوکراوە لەبارەی دامەزراندنی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان؟"، بەجۆرێك ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکە دەڵێت:

"ڕادیۆی دەنگی ئیسرائیل، پەخشی عەرەبی، لە سەرچاوەیەکی عەرەبییەوە وەریگرتووە لە بارەی ڕاگەیانراوێك، کە حکومەتی سەربەخۆی کوردستان لە یەریڤانی پایتەختی کۆماری ئەرمینیای رووسی دامەزرێنرا، بە ئامانجی درووستکردنی کۆمارێکی کوردی لەژێر سەرپەرشتی سۆڤییەت، هەروەها ناوچەکانی باکوری عێراق و رۆژئاوای ئێران و ڕۆژهەلاتی تورکیاش لەخۆ بگرێت، بۆ ئەمەش بارزانی. هەروەها ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە حکومەتە نوێیەکە هێزێکی ڕاهێنراوی سەربازی هەیە کە پەیوەستن بە مەلا مستەفا بارزانی، ناوبراو لەهەمان کاتدا سەرۆکی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕییە لە عێراق. عەشیرەتەکانی بارزانی 10 هەزار سەربازییان هەیە، لە ڕووبەڕووبونەوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی لەگەل سوپای عێراقیدا 300 کەسیان لێ کوژراوە. کاتێك لەناوچەکانی سنووری ئێران نزیك بوونەوە، حکومەتی ئێرانی ڕەتیکردەوە وەکو پەنابەر وەریان بگرێت، ناچار چوون بۆ شارۆچکەیەکی نزیك سنووری ئێران، ئێستاش هەندێك لەو بارزانیانە دەبینرێن. ئێمە هەمان نامە بۆ باڵیۆزخانەکانی ئەنقەرە و بەغدا و دیمەشق و تاران دەنێرین. بەشی رۆژئاوا"(FO 181-1044 ).[8]

[8] بۆ بینینی دەقی نامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (سێ)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی لێرەدا دەبینرێ، بە فەرمی بەشی ڕۆژهەڵاتی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، داوای بەدواداچوون بۆ ڕاستی و درووستی ئەم بابەتەی کردووە، لەهەمان کاتیشدا، باڵیۆزخانەی تاران لە ڕێکەوتی 1948/12/22 وەڵامی ئەم داوایەی داوەتەوە و بەدواداچوونی بۆ ئەم بابەتە کردووە و پشتڕاستی ئەم بابەتەی لە دوو سەرچاوەوە کردووە، دەقی نامەکەش بەمجۆرەیە:

"باڵیۆزخانەی بەریتانیا، تاران، 1948/12/22، (G.417/20/48) نهێنی، بەڕێز بەشی ڕۆژهەڵات، ئێمە بەدواداچوونمان لە تەبرێز و لە خورەمشەهر کرد دەربارەی ڕاپۆرتەکەی رادیۆی ئیسرائیل، کە لە نامەکەتان بەژمارە (E 14655/14575/65) لە ڕێکەوتی 11/15 هاتبوو، دەربارەی کۆماری کوردی سەربەخۆ. تەبرێز پێیان گوتین کە ڕادیۆی باکۆ و وێستگەی نهێنی دیموکراتەکان ئاماژەیان بۆ هەبوونی کۆمارێکی لەوجۆرە کرد، هەروەها دەسەڵاتدارانی سوپای فارسی (ئێرانی) سێ چوار مانگ پێش ئێستا بۆ یەکەمجار ڕاپۆرتێکی هاوشێوەیان بیستووە. ئێمە و تەبرێزیش بەدواداچوونی زیاتر دەکەین لەمبارەوە و لە هەر ئەنجامێکی ئەرێنی ئاگادارتان دەکەینەوە. ئێمە ئەم نامەیە کۆپییەکی بۆ بەغدا و ئەنقەرە و مۆسکۆ دەنێرین. لەگەڵ ڕێزدا.. باڵیۆز، بەشی ڕۆژهەلات، وەزارەتی دەرەوە"(FO 181-1044).[9]

ئەوەی لێرەدا بۆمان دەرکەوت، نامە هەواڵگرییەکانی بەریتانیا، لەدوای بەدواداچوونیان بۆ بابەتەکان پێمان دەڵێن هەوڵدان درووستکردنی کیانێکی کوردی بەسەرکردایەتی مەلامستەفا و بە بەشداری یاوەرەکانی وەکو هێزی سەربازی کۆمارەکە ڕاستی بووە و ئەم هەواڵەش پێشتڕاستکراوەتەوە لەڕێگای ڕادیۆی دەنگی باکۆ و وێستگەی نهێنی دیموکراتەکان.

لەهەمان کاتدا سەرەرای ئەوەی مستەفا بارزانی لە هەوڵی ئەوەدا بووە کیانێك بۆ کورد درووست بکات، تەنانەت لە هەوڵی ئەوەدا بوو جۆرێك لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردانی نیشتەجێی ناو خاکی سۆڤیەت دەستەبەر بکات.

---

[9] **بۆ بینینی دەقی نامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (چوار)**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجام

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند ئەنجامێك، لەوانە:

یەکەم: مستەفا بارزانی هەر لە سەرەتای چوونی بۆ یەکێتی سۆڤیەت نامەی بۆ کاربەدەستانی باڵای سۆڤیەت ناردووە و داوای لێیان کردووە پاڵپشتی پرسی کورد بکەن.

دووەم: بارزانی و یاوەرانی لە خاکی سۆڤیەت بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوون کیانێك بۆ کوردەکانی سۆڤییەت دابمەزرێنێ، بۆ ئەمەش لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەت وتوێژیان کردووە.

سێیەم: لە هەمان کاتیشدا لە هەوڵی ئەوەدا بوون لە ناو خاکی کوردستانیش حکومەتێکی کوردی دروستبکەن بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان هەڵبژاردووە، دەکرێت هۆکاری هەڵبژاردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سنورەکانی نزیکن لە سۆڤیەت.

چوارەم: هۆکاری ڕێگەپێدانی یەکێتی سۆڤییەت بۆ بارزانی و یاوەرانی وە بۆ کوردانی سۆڤییەت بۆ درووستکردنی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان، تەنها بۆ مەترسی و زەخت درووستکردن لەسەر دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراق بووە، تاکو کورد وەکو کارتێکی فشار لەدژییان بەکار بهێنێت، بەلام دواتر هەرخۆی ڕێگربووە لەبەردەم ڕاگەیاندنی حکومەتەکان و کارکردنیان.

## لیستی سەرچاوەکان:

### بەڵگەنامە بەریتانییەکان:

نامەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بۆ باڵیۆزخانەکانی لە ئەنقەرە و تاران و بەغدا، بەم کۆدانەی خوارەوە:
FO. 181-1044.
FO. 371-75182.

### کتێبەکان:

سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

بارزانی، مسعود، (٢٠٢٠)، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد. بەرگی یەکەم، بەرێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان.

هەورامی، ئەفراسیاو، (٢٠٠٢)، مستەفا بارزانی لە هەندێك بەڵگەنامە و دۆکیومێنتی سۆڤیەتیدا(١٩٤٥_١٩٥٨) تومارێکی زێرین لە مێژووی کورد، چاپی یەکەم.

عەلی، ئارام، (١٩٩٩)، پەیوەندی نێوان کورد و روسیا، ستۆکهۆڵم.

جەبار، ڕێژین، (٢٠١٩)، بارزانی و شۆڕشی بۆ ئاشتی، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری.

عەبدوڵلا، تاڤگە حمکۆ، (٢٠١٩)، بارزانی و بارزانییەکان و کاریگەرییان لە پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.

زێباری، سەباح، (٢٠٢٤)، ڕێڕۆیشتنی مێژووی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت، هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

کانیەلنجی، خۆشەوی عەلی، (٢٠٢٣)، بیرەوەرییەکانی عەزیز قازی حەمەد سورچی، هەولێر: چاپخانەی دانیشفەر.

تەفرەشیان، ئەبولحەسەن، (٢٠٠٤)، بارزانییەکان چەند لاپەرەیەك لە خەباتی سەربازە ونبووەکانی کۆماری دیموکراتیی کوردستان، و:بەختیار شەمەیی، بڵاوکراوەی بزوتنەوەی فەرهەنگیی کورد.

مام خول، ڕەفیق ڕەحمان، (٢٠١٣)، مستەفا بارزانی ژیان و ڕۆل و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسییەکاندا (١٩٥٨_١٩٧٠)، چاپی دووەم، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.

مجید، کاروان محمد، (٢٠١١)، بارزانییەکان لە مەهابادەوە بۆ سۆڤیەت، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی پەیوەند.

احسان، علی اصغر، (٢٠٠٨)، بارزانی و پاشەکشێی بارزانییەکان لە بیرەوەرییەکانی ئیحسانی دا، و:ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، دهۆك: چاپخانەی خانی.

ڕەحمانی، وریا، (٢٠٢٣)، مەلا مستەفا بارزانی لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا، هەولێر: چاپخانەی دانیشفەر.

رەحمان، قارەمان حەیدەر، (٢٠٢٤)، ڕۆڵی مستەفا بارزانی لە پێشەوایەتیکردنی بزاڤی رزگاریخوازی کوردیدا (١٩٤٣_١٩٧٩)، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات .

دەرگەڵەیی، زرار سلێمان بەگ، (بێ ساڵ)، بیرەوەریەکانم لە ساڵانی ١٩٤٣_١٩٧٧ دا.

گەردی، حەمید، (٢٠٠٤)، پوختەی مێژوونامە، چاپی یەکەم، هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس.

نووری، فەرەیدوون، (٢٠٠٧)، بزاڤی بارزانی، چاپی یەکەم، هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس.

گۆمەتاڵی، بورهان حاتەم، (٢٠٢٢)، مستەفا بارزانی لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی عێراقدا (١٩٤٧_١٩٧٠)، هەولێر: چاپخانەی دانیشفەر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قڕگەیی، زانیار سەردار، (٢٠١٢)، کە مێژوو لە بارزانی ئەدوێ، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی رۆشنبیری.
سەنگاوی، نەجم، (٢٠١٤)، کوردستان و سەرکردەو ڕاپەرین و شۆڕشەکانی لە (١١٦٩_١٩٩٥)ز، چاپی یەکەم، چاپخانەی بەرێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان.
ئەبوبەکر، عەبدولڕەحمان مەلا حەبیب، (٢٠٠١) عەشیرەتی بارزان لە نێوان ساڵانی ١٩٣١_١٩٩١، چاپی یەکەم.
عەبدولرەحمان، سەردار محەمەد، خۆشناو هوشیار محەمەدئەمین، (٢٠١٢)، ئەتڵەسی مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان. بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، هەولێر: تێنووس بۆ چاپەمەنی و کاری کارتۆگرافی.
حەیدەری، مومتاز، سورمێ، نەژاد عزیز، (١٩٩٧) کونگرەی ٩٠ ساڵەی لەدایك بوونی بارزانیی نەمر، چاپی یەکەم، دهۆك: چاپخانەی خەبات.
حەبیب، بەدران ئەحمەد، (٢٠١٠)، ڕاپەرینەکانی بارزان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی هەردوو حکومەتی فرەنسا و بەریتانیادا ١٩٣١_١٩٤٩، و:نەجاتی عەبدوڵلا، چاپی یەکەم، هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس.
مەزهەر، کەمال، (٢٠١٤)، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا، بەرگی دووەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.
زێباری، علی، (٢٠١٣)، کەسایەتیا بارزانی و سروشتێ وی یێ خەباتێ، دهۆك: چاپخانەی پارێزگای دهوك.
میرخان، عەباس غەزالی، (٢٠٢٤)، وەرزی تەم ڕێرەوی بارزانییەکان دوای کۆماری کوردستان (١٩٤٥_١٩٤٩). کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدێ خانێ.
ساڵح، عەدالەت عومەر، (٢٠١٦)، بارزانییەکان لە راگواستنەوە تاکو جینۆساید بەپێی بەڵگەنامەکان فەرمی و مێژووییەکان، چەمچەماڵ.
کوچێرا، کریس، (١٣٦٩)، کورد لە سەدەی ١٩-٢٠ دا، و: محمد ریانی، چاپی یەکەم، تاران: چاپخانەی کارون.
ساڵح، سدیق، ساڵح، ڕەفیق (٢٠١١) ڕۆژنامەوانیی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق (١٩٤٦-١٩٥٨)، سلێمانی: چاپخانەی شڤان.
کۆلەکی، ڕەشید مەلا عەلی (٢٠١٩) ژیان و بەرخودا د پارزینکێ هەڤالێ نەمر ((کازم شانەدەری)) دا، هەولێر: چاپخانەی رۆژهەلات.
العامری، عەبدولخالق ناسر، (٢٠٢١)، بارزانی مستەفا و دۆزی کورد لە عێراق (١٩٣١_١٩٧٥)، و: ئەرکان شاربازێری، دهۆك، ئینسکلوپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان و زانکۆی دهۆك.

گەوهەری، حامید، (٢٠١٤)، ئیدریس بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین. چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.
گەوهەری، حامید، (٢٠١٧)، مستەفا بارزانی_پێشمەرگە وسەرۆك. چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات.
گەوهەری، حامید، (٢٠١٩)، ئەو رۆژانەی لەبیر ناچن ١١/ ١٠/ ١٩٤٥_١٨/ ٦/ ١٩٤٧. چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات.
عەبدوڵڵا، رێبوار رەمەزان، (٢٠١١)، جینوسایدکردنی بارزانییەکان لە سەدەی بیستەمدا بە بەراورد لەگەڵ رێککەوتننامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی منارە.
باتێلی، مسعود، (٢٠١١)، کاریزما مەلا مستەفا بارزانی د پراکتیزەکرنا هزرێن یاسایی دا، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ئاراس.
رەشید، سەڵاح، (٢٠١٧)، مام جەلال- دیداری تەمەن- لە لاوێتییەوە تا کوشکی کۆماری، چاپی یەکەم: چاپخانەی کارۆ.

## سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی :

بارزاني، أيوب، (بێ ساڵ)، المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤ - ١٩٥٨. دار نشر حقائق المشرق.
البوتاني، عبد الفتاح علي، (٢٠١٢)، ملا مصطفى البارزاني قائد الثورة الكوردية وملهمها. الطبعة الأولى، دهوك: المطبعة جامعة دهوك.
حبيب، شيركو، (٢٠٢٣)، حركات بارزان الوطنية في عدد من وثائق الارشيف الوطني البريطاني حزيران ١٩٢٩ - حزيران ١٩٤٧، الطبعة الأولى، أربيل: مطبعة جامعة صلاح الدين.
حبيب، شيركو، ،(٢٠٢٤)، الكورد في وثائق للارشيف الوطني البريطاني وعدد من الصحف الأجنبية العربية ١٩٤٥_١٩٧٧، الجزء التاسع، اربيل: مطبعة جامعة صلاح الدين.
علي، عثمان، (٢٠٠٨) الكورد في الوثائق البريطانية، الطبعة الأول، دهوك: مطبعة خاني.
أشو، وزيرى، (٢٠٠٨)، دوسية البارزاني في محفظةس ستالين الفولاذية، ترجمة: إسماعيل حصاف، الطبعة الأولى، دهوك: مطبعة خاني.
كۆچى، خالد خالد، (١٩٩٠) السياسة السوفيتية تجاة القضية الكردية في الميزان. الطبعة الاول، ستوكهولم.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:**

ولدبیگی، بهرام، (١٣٩٥) برتارک طوفان ملا مصطفی بارزانی به روایت مطبوعات ایران. چاپ اول، تهران: انستیتو فرهنگی کردستان - تهران.

ژیگالینا، اولگا اویوونا، (٢٠٢٣) پرتره تاریخی ملا مصطفی بارزانی. مترجم: ناصر بایزیدی، چاپ اول، سنندج: انتشارات مادیار.

**سەرچاوەکان بە زمانی ڕووسی:**

Бадырхан, Азизе Зийо (٢٠١٣) ЧЕЛОВЕК-ЛЕГЕНДА Мустафа Барзани 110 лет, Бишкек, Weşanên Zengezûr,

Жигалина, О. И. (2013) МУЛЛА МУСТАФА БАРЗАНИ Исторический портрет, Москва, ИВ РАН.

توێژینەوەی ئەکادیمی بە زمانی ڕووسی:

Бугай ،Н.Ф. (2013) И.В. СТАЛИН И КУРДЫ В СОЮЗЕ ССР: ОТ ЭМИГРАЦИИ ДО РЕПАТРИАЦИИ, 1940-1950-Е ГОДЫ. главный научный сотрудник, Институт российской истории РАН ،ИСТОРИЧЕСКИЕ НАУКИ И АРХЕОЛОГИЯ ،Приволжский научный вестник ،№ 5 (21).

**نامیلکە:**

کەریم، عومەر شەریف، (٢٠٠٩) بارزانی مەزن کە ڕوانگەی گەورە پیاوانەوە، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری.

بیرەوەری (١٩٩٢) بیرەوەری بارزانی نەمر، هەولێر.

گۆڤار:

حمو، فهیم عبدالله، (١٩٩٦)، هەڤچەپەرێ بارزنیێ نەمر عەزیز قازی بیرهاتنێت خۆ ڤەدگێریت ((پشکا دویێ))، گۆڤاری مەتین: ژمارە (٤٨)، لاپەرە ٢٨-٣٣.

ڕۆژنامە:

ژاژوکی، سەفەر یوسف میرخان، (٢٠١٩) یادی گەرانەوەی بارزانیی نەمر لە یەکێتی سۆڤیەت و هێنانەوەی تەرمی نەمران بۆ بارزان، ڕۆژنامەی خەبات، ٦ تشرینی یەکەم، لاپەرە ٨-٩.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میرخان، سەفەر یوسف، (٢٠٠٧)، عومەر نورەدینی "بارزانی نەمر" چەند سەرکردەیەکی ڕوحی بوو لەڕووی بیروباوەڕو عەقیدەوە، ئەوەندەش لە سیاسەتکردندا واقیعی و دووربین بووە. ڕۆژنامەی خەبات، ٨ تشرینی یەکەم، لاپەرە ٥.

---------------------------------------------------------------------------------------------------------------

# Barzani and his companions' efforts to establish a Kurdish political entity in the Soviet Union during the years (1947-1958)
## Dlzhin Qahraman Kodo

**Dlzhin Qahraman Kodo**
Department of History, Faculty of Arts, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.
Email: 206238200006@soran.edu.iq

**Dr. Bzhar Othman Ahmed**
Department of History, Faculty of Arts, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.
Email: bzhar.ahmed@hist.soran.edu.iq

## Abstract:
This research delineates the endeavors of Barzani and his companions' efforts to establish a Kurdish political entity in the Soviet Union, as his political, diplomatic, and military initiatives were aimed at the liberation of Kurdistan. It is noteworthy that while multiple sources discuss the political circumstances of Barzani and his close companions in the Soviet Union, some also highlight Barzani's endeavors to establish an independent government for Kurdistan. Their information was not detailed, and they failed to verify it with the content of the documents, relying solely on references and discussions. However, there is insufficient research on Barzani and his associates' efforts to establish an independent government for Kurdistan. This research employs various scientific methods, primarily historical analysis and the examination of document texts as primary sources, supplemented by additional scholarly resources such as books and research papers. It also utilizes comparative methods to analyze

sources alongside official UK government documents that offer comprehensive information. This research aims to illustrate how Barzani and his associates sought to establish a Kurdish political entity in the Soviet Union during the years (1947-1958), which includes Azerbaijan, Yerevan, and the northern area of Iran (Mako).

***Keywords:*** *Barzani, Kurdistan, Government, Soviot Union, Companion*

# جهود البارزاني ورفاقه في تأسيس الكيان السياسي الكردي في الاتحاد السوفيتي (1947–1958)

**الملخص:**
يركّز هذا البحث على دراسة الجهود التي بذلها القائد الكردي الملا مصطفى البارزاني ورفاقه خلال فترة وجودهم في الاتحاد السوفيتي، وذلك في إطار سعيهم لتأسيس الكيان السياسي الكردي في الاتحاد السوفيتي. وتتدرج هذه المساعي ضمن مشروع سياسي ودبلوماسي وعسكري متكامل، هدفه الأساسي تمكين الشعب الكردي من تقرير مصيره وإنشاء كيان سياسي مستقل. وقد تناولت بعض الدراسات السابقة الظروف السياسية التي أحاطت بالبارزاني ورفاقه خلال إقامتهم في الاتحاد السوفيتي، كما أشارت إلى مساعيهم لتأسيس كيان كردي مستقل. إلا أن تلك المعالجات جاءت في الغالب سطحية ومجزأة، إذ افتقرت إلى التوثيق القائم على مصادر أولية، واكتفت بالاعتماد على روايات ومصادر ثانوية، دون التحقق من مضمون الوثائق الرسمية ذات الصلة. ومن هنا، يُلاحظ وجود فراغ بحثي واضح في هذا المجال يستدعي مزيدًا من الدراسة والتحليل. يعتمد هذا البحث على جملة من المناهج العلمية المتكاملة، في مقدمتها المنهج التاريخي التحليلي الذي يستند إلى تحليل الوثائق والنصوص الأصلية بوصفها مصادر أولية، إلى جانب المنهج المقارن الذي يُوظَّف في تحليل الروايات والمصادر المتعددة، ولا سيما الوثائق الرسمية البريطانية التي تتيح معطيات مهمة وموثوقة حول الموضوع. كما يستفيد البحث من المصادر العلمية المنشورة، بما في ذلك الكتب والدراسات الأكاديمية ذات الصلة. ويهدف هذا البحث إلى توضيح طبيعة الجهود التي بذلها البارزاني ورفاقه لتأسيس إدارة كردية ضمن إطار الاتحاد السوفيتي خلال الفترة الممتدة بين عامي 1947 و1958، وهي جهود شملت مناطق متعددة مثل أذربيجان، ويريفان، وشمال إيران (ماكو)، مما يعكس أبعاد المشروع الكردي في تلك المرحلة وتفاعلاته مع السياقات الإقليمية والدولية

**كلمات مفتاحية:** بارزان، الاتحاد سوفيتي، حكومة، كوردستان، الاصدقاء.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاشکۆیەکان:

پاشکۆی ژمارە یەك:

لێدوانی رۆژنامەی ئیطلاعات سەبارەت بە پاڵپشتی سۆڤیەت بۆ ئوتونومی کوردستان. وەرگیراوە لە:



تقاضای دامداران مرزی عراق از ایران

آبهای ساحلی ایران بچهار برابر افزایش می یابد

ایران

بحر عمان

عربستان

تشکیل کردستان آزاد باردیگر درعراق تجدید شد

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(ولدبیگی، ١٣٩٥: ٢٩٧)

پاشكۆی ژمارە دوو:

دەقی نامەی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا بۆ باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە تاران دەربارەی دامەزراندنی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان لە ئازەربێجان. لە ئەرشیفی د. بژار عوسمان ئەحمەد وەرگیراوە، بۆ یەکەمجارە بڵاودەکرێتەوە.



BRITISH EMBASSY,
BAGDAD.
20th September, 1949

(185/44/49)
CONFIDENTIAL

Dear Chancery,

The Ministry of Foreign Affairs have informed us of a report they have received to the effect that the Mulla Mustafa has formed a Government in Azerbaijan which he has called the "Free Government of Kurdistan". The report continues that he has taken Tiflis for his Capital, where Russian officers are training 5,000 cavalry. The Mulla will shortly be proclaiming his Government's independence and will be adopting a flag, the design of which has yet to be decided upon.

We have no corroborating information and doubt whether the report has any foundation. We should be glad to have any information confirming or denying this report. We have been asked for this by the Iraqi Ministry of Foreign Affairs.

We are sending copies of this letter to the Eastern Department of the Foreign Office and to Kirkuk.

Yours ever,

CHANCERY.

The Chancery,
British Embassy,
Tehran.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاشکۆی ژمارە سێ:

دەقی نامەکەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا. لە ئەرشیفی د. بژار عوسمان ئەحمەد وەرگیراوە، بۆ یەکەمجارە بڵاودەکرێتەوە.



OUT FILE

Restricted.

FOREIGN OFFICE, S.W.1.

15th November, 1948.

(E 14658/14575/65)

Dear Chancery,

Can you throw any light on the following broadcast report about the establishment of a free Kurdish Government?

A "The Voice of Israel (in Arabic 17.00 3.11.48-FBIS) quoted Arab sources for an announcement that a Free Kurdish Government had been established in Erivan, capital of the Russian Armenian Republic, for the purpose of forming an independent Kurdish Republic under Soviet supervision, comprising territories in the north-west of Iran, the east of Turkey and the north of Iraq. The report added that this new Government was a "military league" and included Mullah Mustafa Al-Barazani, who was at one time "head of the revolution in Iraq". The Brazani tribe numbered 10,000 mostly warriors, who had fought valiantly in their last encounter with Iraqi forces, inflicting 300 dead. When they approached Iran, the Government refused them refuge and they were thus compelled to go to "a town near Iran" where they are still to be found.

We are sending similar letters to Bagdad, Tehran, Angora and a copy to Damascus.

Yours ever,

B

EASTERN DEPARTMENT

The Chancery,
British Embassy,
Tehran.

The Chancery,
British Embassy,
Bagdad.

The Chancery,
British Embassy,
Angora.

The Chancery,
British Legation,
Damascus.

30

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاشکۆی ژمارە چوار:

دەقی وەڵامی باڵیۆزخانەی تاران بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا. لە ئەرشیفی د. بژار عوسمان ئەحمەد وەرگیراوە، بۆ یەکەمجارە بڵاودەکرێتەوە.



British Embassy,
TEHRAN.

22nd December 1948

G.417/20/48
CONFIDENTIAL

Dear Department,

We have made enquiries of Tabriz and Khorramshahr about the Radio Israel report, mentioned in your letter No.E 14655/14575/65 of 15th November, about an independent Kurdish republic.

N.T.

Tabriz tell us that Baku radio and the clandestine Democrat station are reported to have referred recently to such a republic, and the Persian military authorities first heard a similar report three or four months ago.

Tabriz are enquiring further and we will let you know of any positive result.

We are copying this letter to Bagdad, Ankara and Moscow.

Yours ever,

CHANCERY.

Eastern Department,
The Foreign Office,
S.W.1.